بسم الله الرحمن الرحيم

برای لاوم : داواکارم ئەکەر بتوانی بە گوێ دڵ گوێبیستی ووتەکانم بیت ، و هەست و بیری خۆتم بدەیتێ ، لە چەند خولەکێکی ژیانت ، بۆ ئەوەی چەند ئامۆژگاریەکت بە گوێدا بدەم ، کە هەموویان ئامۆژگاری دڵسۆزن بۆ کەسێکی خۆشەویستی خۆی ، لە کەسێکی پەرۆش لە سەر دوا ڕۆژ و ژیانت ، لە ڕۆژگارێکدا کە ئامۆژگاریکاران تێدا کەم و بەدەگمەنن ، ئامۆژگاریەکانیشم بە شێوەی پرسیار دەبن ، بۆ ئەوەی هەموو پرسیارێکی زەنگێکی بیدارکاری بێت ، و چیتر لە خەوی غەفڵەت بێدارمان بکاتەوە ، و بە ئاگامان بێنێتەوە ، و قۆڵی بۆ هەڵماڵین و پەشیمان ببینەوە لەوەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەمتەرخەمیەکمان نوواندبێت لە ئەنجان دانی نوێژەکانماندا ، و دووای بیستنی ئەم ووتانە بڕیاری یەك لای خۆمان بدەین و نوێژەکانمان ئەنجام بدەین ، و سەردەمی سستی و تەمبەڵی بەلاوە نەین ، ئامۆژگاری و پرسیارەکانیش ئەمانەن :

✍ ئایا دەزانی خوای پەرەروەودگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بێ بەرین لەو کەسەی کە نوێژەکانی ئەنجام نادات ؟ هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ لەو بارەیەوە فەرموویەتی : " لاَ تَتْرُكِ الصَّلاَةَ مُتَعَمِّداً ، فَإِنَّهُ مَنْ تَرَكَ الصَّلاَةَ مُتَعَمِّداً فَقَدْ بَرِئَتْ مِنْهُ ذِمَّةُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٥٧٣ ) .

واتە : بە ئەنقەست واز مەهێنە لە نوێژەکانت ، چونکە ئەو کەسەی بە ئەنقەست واز لە نوێژەکانی بێنێت ، ئەوا خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ لێی بێ بەرین ، واتە هیچ پەیمانێکی لە لایاندا نیە ، جا بیر لەوە بکەرەوە لە ڕۆژی دواییدا هیچ پشتیوان و پەیمانێکت نەبێت لە لای خوای پەروەردگا !! حاڵت چی دەبێت ؟

✍ وە ئایا دەزانیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژکردنی بە بەربەستی نێوان موسڵمان و کوفر داناوە ؟ هەروەك پێغەمبەری خوا فەرموویەتی ﷺ : " بين الرجل وبين الكفر ترك الصلاة " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٥٦٣ ) .



واتە : نوێژ بەربەستە لە نێوان مرۆڤ و کەوتنە کوفرەوە ، بۆیە ئامان نەکەی خۆت ببەیتە ڕیزی کەسانێك کە خوای پەروەردگار لێیان ڕازی نیە ، و ڕازیش نیە کە بەندەکانی ئەو کارە ئەنجام بدەن ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِن تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ ﴾ ( الزمر : ٧ ) ، واتە : ئەگەر ئێوە کوفری خوا بکەن ئەوا خوای پەروەردگار دەوڵەمەندە و پێویستی بە ئێوە نیە ، ڕازیش نیە بەوەی کە بەندەکانی کوفر بە خوای پەروەردگار بکەن .

✍ وە ئایا دەزانیت ئەو کەسەی تەنها نوێژی ( عصر ) ی بفەوتێت ، وەکو ئەوەیە هەموو کەس وکار و ماڵ و سامانی لە ناو بچێت ؟ هەروەکو پێغەرمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " الذي تفوته صلاة العصر ، فكأنما وتر أهله وماله " ( متفق عليه ) ، واتە : ئەو کەسەی کە تەنها نوێژی ( عصر ) ی بفەوتێت ، وەکو ئەوەیە هەموو کەس وکار و ماڵ و سامانی لە ناو بچێت ، ئەمە بۆ تەنها نوێژێك ئەی ئەو کەسەی هەموو نوێژەکانی لەدەست دەچێت حاڵی چیە لە لای خوای پەروەردگار ؟!!

✍ وە ئایا دەزانیت ئەگەر تەنها لە سەر نوێژی بەیانی بخەویت ، و ئەنجامی نەدەی چ سزایەك دەدرێت ؟! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أتينا على رجل مضطجع ، وإذا آخر قائم عليه بصخرة ، وإذا هو يهوي بالصخرة لرأسه فيثلغ رأسه ــ أي يشدخه ــ فيتدهده الحجر ــ أي يتدحرج ــ فيأخذه فلا يرجع إليه حتى يصبح رأسه كما كان ، ثم يعود عليه فيفعل به مثل ما فعل المرة الأولى ، فقلت : سبحان الله ! ما هذان ؟ فقال جبريل عليه السلام : إنه الرجل ينام عن الصلاة المكتوبة " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٥٧٨ ) .

واتە : دووپیاوم بینی یەکێکیان پاڵ کەوتبوون ، ئەویتریشیان بەردێکی گەورەی بە دەستەوە بوو بە سەریەوە وەستا بوو ، و بەردەکەی بەسەردا دەدا و سەری دەپژاند و پانی دەکردەوە ، و پاشان بەردەکەی هەڵدەگرتەوە ، و دەوەستا تاکو سەری دەگەڕایەوە بۆ دۆخی جارانی ، و جارێکی تر بەردەکەی



دەدایەوە بە سەریدا ، هەروەکو لە جاری یەکەمدا پێی کرد ، منیش ووتم : پاکی بێگەردی بۆ خوای پەروەردگار ئەم دوو کەسە چیانە ؟! جبریل ـ عليه السلام ـ پێی ووتم : ئەوە ئەو کەسەیە کە دەخەوێت و نوێژی بەیانیانی ناکات .

ئەمە ئەگەر کەسێك تەنها نوێژێکی ئەنجام نەدابێت ، ئەی ئەو کەسەی کە بە بیانووی پڕوپوچ هەموو نوێژەکانی لە دەست دەدات ، خوای پەروەردگار پەنامان بدات لە سزا وتووڕەیی خۆی .

✍ وە ئایا دەزانیت کە یەکەم شتێك کە لێپرسینەوەت لە گەڵدا بکرێت سەبارەتی نوێژەکانتە ؟ هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " أول ما يحاسب به العبد يوم القيامة عن الصلاة ، فإن صلحت ، صلح سائر عمله ، وإن فسدت ، فسد سائر عمله " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع الصغير ، برقم : ٢٥٧٣ ) .

واتە : یەکەم شتێك کە لێپرسینەوەی بەندەی موسڵمانی لە سەر بکرێت لە ڕۆژی دواییدا نوێژە ، جا ئەگەر نوێژەکانی باش بوو ، ئەوا پەرستشەکانی تری باش دەبێت ، وە ئەگەر خراپ بوون ، ئەوا پەرستشەکانی تریشی خراپ دەبن ، جا ئامان نەکەی لەو کەسانە بی کە لە کاتی پرسینەوە بڵێی : نوێژ نەکر بووم !! پاشان بەو شێوە مامەڵەت لە گەڵدا بکرێت ، بۆ هەموو کردەوەکانی ترت .

✍ وە ئایا دەزانیت ئەگەر نوێژەکانت نەکەی لە گەڵ فیرعەون خۆ بە خوا زان و هامانی یاریدەدەری ستەمکار و قاروونی پارە پەرست ، و ئوبەیی کوڕی خەلەف سەری دووڕووان دا حەشر دەکرێت لە ڕۆژی دواییدا ؟ هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ڕاگەیاندووین : " ... من حافظ عليها ــ أي الصلاة ــ كانت له نورا وبرهانا يوم القيامة ، ومن لم يحافظ عليها لم يكن له نور ولا برهان ، ولا نجاة ، وكان يوم القيامة مع قارون وفرعون وهامان وأبي بن خلف " ( صححه العلامة الألباني في صحيح مشكاة المصابيح ، برقم : ٥٧٨ ) .

واتە : ئەو کەسەی کە پارێزگاریان لە سەر بکات ـ مەبەستی نوێژەکانە ـ ئەوا ڕووناکی و بەڵگەن بۆی لە ڕۆژی دواییدا ، و ئەو

کەسەش کە پارێزگاریان لە سەر نەکات ، نە ڕووناکین بۆی و نەش بەڵگەن ، نەش دەبنە ڕزگار کاری ، وە لە ڕۆژی دواییشدا لە دۆزەخدا لە گەڵ قارون ، و فیرعەون ، و هامان ، و ئوبەیی کوڕی خەلەفدایە . خوای پەروەردگار پەنامان بدات . !!!

✍ وە ئایا دەزانی نوێژ نەکەر بە یەکێك لە تاوانباران و موجریمەکان دادەنرێت لە ڕۆژی دواییدا ؟ هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ إِلَّا أَصْحَابَ الْيَمِينِ فِي جَنَّاتٍ يَتَسَاءلُونَ عَنِ الْمُجْرِمِينَ مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ ﴾ ( المدثر : ٣٨ – ٤٣ ) .

واتە : هەموو کەسێك ئەوانەی لەسەرە کە ئەنجامی داوون ، جگە لەوەی کە بەهەشتیان پرسیار لە تاوانباران و موجریمان دەکەن ، ئێوە چی وای لێکردن کە دۆزەخی بن و لە دۆزەخدا بن ؟! ئەوانیش وتیان : چونکە ئێمە لە نوێژگەران نەبووین .

✍ وە ئایا دەزانیت کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردوویت بە نوێژکردن و ئەنجام نەدانی سەرپێچی کردنتە لە فەرمانی پەروەردگارت ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ ﴾ ( البقرة : ٢٣٨ ) .

واتە : پارێزگاری لە نوێژەکانتان بکەن ، بەتایبەت نوێژی ( عصر ) ، و کەسانێکی قانت و هەستاو بن بە فرمانەکانی خوای پەروەردگار .

✍ وە ئایا ئەوەت زانیوە کە دوا وەسێتی پێغەمبەرەکەت ﷺ پێش دەرچوونی لە دونیا ئەوە بووە کە پارێزگاری لە نوێژەکەت بکەی ، لە کاتێکدا لە دوا هەناسە و دوا ساتەکانی ژیانیدا بووە ؟! هەروەکو لێوەی دەگێڕنەوە کە لە سەرەمەرگیدا فەرموویەتی : " اتقوا الله في الصلاة ، وما ملكت أيمانكم " ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٨٦٨ ) .

واتە : لە خوا بترسن لە نوێژەکانتان و ئەوانەش کە لە ژێر دەستتانن ، لە هاوسەرانتان و جگە لەوانیش .

✍ وە ئایا دەزانیت نوێژکردن کلیلی هەموو چاکە و خێرێکە ؟ بە نەکردنی هەموو ئەو چاکانەی نوێژت لە دەست دەچێت ؟!!



هەروەکو شێخی پایە بەرزی ئیسلام ( ابن القيم الجوزي ) ـ بە ڕەحمەت بێت . فەرمویەتی : (( الصلاة : مجلبة للرزق ، حافظة للصحة ، دافعة للأذى ، مطردة للأدواء ، مقوية للقلب ، مبيضة للوجه ، مفرحة للنفس ، مذهبة للكسل ، منشطة للجوارح ، ممدة للقوى ، شارحة للصدر ، مغذية للروح ، منورة للقلب ، حافظة للنعمة ، دافعة للنقمة ، جالبة للبركة ، مبعدة من الشيطان ، مقربة من الرحمن ... ، وسر ذلك : أن الصلاة صلة بالله – عز و جل – وعلى قدر صلة العبد بربه – عز و جل – تفتح عليه من الخيرات أبوابها ، وتقطع عنه من الشرور أسبابها ، وتفيض عليه مواد التوفيق من ربه – عز و جل – والعافية ، والصحة ، والغنيمة ، والغنى ، والراحة ، والنعيم ، والأفراح ، ... )) ( زاد المعاد : ج ٤ ، ص ٣٠٤ ) .

واتە : نوێژ : بەدەست هێنەری ڕۆزییە ، وپارێزەری تەندرووستیە ، ودوورخەرەوەی ئازارە ، پاڵنەری نەخۆشیەکانە ، پتەوکەری دڵەکانە ، ورووناك کەرەوەی ڕوومەتە ، وئاسوودەکاری دەروونە ، ونەهێڵەری سستیە ، وبەگڕخەری ئەندامەکانە ، بەردەوام کاری تواناکانە ، وفراوانکاری سینگ وخۆراکدەری دەروونە ، ورووناك کەرەوەی دڵە ، وپارێزەری نیعمەتەکانی خوای پەروەردگارە ، پاڵنەری ناهەمواریەکانە ، بە دەست هێنەری بەرەکەتە ، ودوورخەرەوەیە لە شەیتان ، ونزیکەرەوەیە لە خوای پەروەردگار .... نهێنی ئەوەش ئەوەیە کە نوێژ پەیوەندیە لە گەڵ خوای پەروەردگار ، وە بە پێی ئەو پەیوەندیەی نێوان بەندە وپەروەردگاری ، دەرگاکانی چاکە وخێری بۆ دەکرێتەوە ، وهۆکارەکانی خراپەی لێ دەبڕدرێت ، ویارمەتی و سەرکەوتنی خوای پەروەردگاری بە سەردا دەڕێژرێت لە لایەن خوای پەروەردگارەوە ، لە گەڵ سەلامەتی وصیحەت ودەسکەوت ودەوڵەمەندی وئارامی ونیعمەت وخۆشی .. هتد . جا برای لاو ، و خوشکی بە حیشمەتم : بیرێك لەم ووتانە بکەرەوە ، وبڕیار بدە کە ئایا دوای بیستنی ئەم ووتانە بڕیار دەدەی کە نوێژەکانت بکەی ، یان هێشتا دڵت ڕانەچەڵەکیوە ؟!!

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ



